# نامەیەکی کراوە

## بۆ بەڕێز جەنابی کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

سڵاوێکی گەرم....

ئاشکرایە کە ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان بەهەلومەرجێکی قەیراناویدا تێدەپەڕێت، سەرچاوەی ئەم قەیرانانەش کێشەی ئیداری و ئابوری زۆری لێکەوتۆتەوە و کوردستان و ئەزمونەکەی خستۆتە بەردەم بەدووڕیان و وەرچەرخانێکی گەورە، لەلایەك ئەگەر درێژە بەم بارودۆخە بدرێت ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە دەرگا لەبەردەم چەند مەترسییەك بکرێتەوە و پاشان کێشەکان بەئاقارێکدا بڕوات کە هیچ کەس و لایەنێك بۆی کۆنترۆڵ نەکرێت، لاکەی تریش ئەوەیە بیرلەوە بکرێتەوە چارەسەرێکی جیدی و ڕیشەیی ئەم بارودۆخە بکرێت، من دڵنیام بەڕێزتان ئەم ڕێگایە هەڵدەبژێرن و کوردستان لەم قەیرانە قوتار دەکەن. دیارە ئەم کارەش بەوە دەست پێدەکات هەرچی زووە کۆمەڵێك هەنگاو بۆ چاکسازی لە ئیدارەو داموو دەزگاکانی حکومەتدا بنرێت، بەجۆرێك کە لەدوائەنجامدا گۆرانکارییەکان لەتوانایدا هەبێت سنورێك بۆ دیاردەی گەندەڵی و ناعەدالەتی و خراپی و خزمەتگوزاری قۆرخکاری حزبی و چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی تر دابنێت بە تایبەتیش کێشەی کارەبا و ئەو برە نەوتەی کە ساڵانە دەدرێتە هاولاّتیان .

ساڵانێکە هەردوو حزبی دەسەڵات چ لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا و چ لەدەرەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن، بەگەرمی باس لە چاکسازی بارودۆخەکە دەکەن و گفت و بەڵێن بە خەڵك دەدەن، کەچی لە کردەوەدا تائێستا هەنگاوێکی جیدی ئەوتۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان نەناوە، ئەوەش وای کردووە کە ڕۆژ بە ڕۆژ گەندەڵی و ناعەدالەتی و جیاکاری و بێ یاسایی و خراپی خزمەتگوزاریەکان و قۆرخکاری بازار لەلایەن کۆمپانیاکانی حزب لە هەموو بوارەکانی ئەم هەرێمەدا زیاتربێت، لێرەوە دەپرسین دەکرێ لە کوردستان باس لە چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی و ناعەدالەتی و سەروەری یاسا بکرێ کە پەرلەمان یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی کە ئەرکی لێپێچانەوەو چاودێری کردنە فەرامۆش بکات؟ ئەمە لەکاتێکدا کە نە کۆمیسیۆنێکی نەزاهە لەکوردستاندا بوونی هەبێت و نەداواکاری گشتی دەستکراوەبێت و نە گوێی لە میدیاش بگیرێت.

بەندە کە بەردەوام لە کۆبونەوەی حزبە کوردستانیەکان لەگەڵ بەڕێزتاندا ڕاشکاوانە باسم لە بوونی گەندەڵی و ناعەدالەتی و سەروەر نەبوونی یاسا کردوە، ئەوا ئەمڕۆش وەك بەرپرسیاریەتی و ئەرکی سەرشانی خۆم بەرامبەر بەم بارودۆخەو بۆ چارەسەرکردنی بەپەلەو بەکردەوە پێشنیار دەکەم، هەرچی زووە دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوەو هەموو لایەنەکان بە بەشداری هەر (٣) سەرۆکایەتیەکە لەسەر بەرنامەیەکی چاکسازی ڕێکبکەون و خێرا بەرنامەکە

بیخەنە بواری جێبەجێکردنەوە. چونکە ئاشکرایە ئەوەی کە توانای پاراستن و پێشکەوتنی ئەزمونەکەی هەیە، ڕێکخستنی نێومالّی خۆمانەو ڕێکخستن و پێشکەوتنیش لە کەشوهەوایەکی دیموکراتیانەو ئارامدا ڕەگ دادەتکوتێت.

**هەنگاوەکانی دەستپێکی چاکسازیش لەم قۆناغەدا لەم خالاّنەی خوارەوە کورت دەکەمەوە.**

١- وەك دەزانن سالاّنێکە لە بەغدا وەزارەتە ئەمنیەکان بە کەسانی بێلایەن دەسپێردرێن، بۆ دلّنیای بوونی خەلّك و کارکردنی بێلایەنانەی ئەو وەزارەتانە دەکرێ لە کوردستانیش هەمان شێوە بکرێت، هەروەها ئەگەر دەمانەوێ بەجیددی یاسا سەروەربێ و دادگاکان باشترو سەربەخۆتر ڕێکبخرێتەوە ئەوا دەکرێ وەزارەتی دادیش بەهەمان شێوەی وەزارەتە ئەمنیەکان بە کەسێکی سەربەخۆ بسپێردرێت.

٢- دادگای بالاّی تەمیزیش لە کەسانی سەربەخۆو بێلایەن و پرۆفیشنالّ ڕێك بخرێتەوە، بەهەمان شێوەش داواکاری گشتی کە دوو دەزگای گرنگن لە چاودێری کردن و یەکلای کردنەوەی عادیلانەی کێشەکاندا.

٣- یاسا ستراتیژیەکان و ئەو یاسایانەی کە پەیوەندیان بە ئازادی و بەرژەوەندییە گرنگ و بالاّکانی خەلّکی کوردستانەوە هەیە بەڕێککەوتن (تەوافق) لە پەرلەمانی کوردستان بڕیاریان لەسەر بدرێت.

٤- گێڕانەوەی ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمانی کوردستان و دەولّەمەندکردنی بەشێوەیەك کە کۆ دەنگی لەسەر دروستبکرێت .

٥- دەستەیەکی نەزاهەی سەربەخۆ لە کەسانی پاك و بێلایەن پێك بهێنرێت، دەسەلاّتەکانی بۆ بەدواداچوون و لێپێچانەوە لە گەندەلّی و سەرپێچیەکان بە یاسایەك لە پەرلەمانی کوردستاندا دیاری بکرێت.

٦- یاسای خۆپیشاندان هەموار بکرێتەوە، بە گۆڕینی بڕگەی وەرگرتنی مۆلّەت بە ئاگادارکردنەوەو هەلّگرتنی ئەو پاساوانەی کە لەیاساکەدا خۆپیشاندان ئاستەنگ دەکەن.

٧- ئەنجومەنی سیاسی لە حزبە کوردستانیەکان پێك بهێنرێت کە بەپێی یاسایەك لە پەرلەمان بەشداری حزبەکان لە دیراسەکردنی مەسەلە ستراتیژیەکان و لە بڕیاری سیاسی لە کوردستاندا دەستەبەر بکات.

٨- چارەنووسی بێسەروشوێنەکانی شەڕی ناوخۆ ئاشکرا بکرێت و قەرەبووی ماددی و مەعنەوی خانەوادەو کەس و کارەکانیان بکرێتەوە.

٩- بەشداری کردنی خەلّکی کوردستان لە وەرگرتنی پۆستە سیاسی و ئیداری و دیبلوماسی و سەربازی و زانستیەکان بە پێی تواناو لێهاتووی کەسەکان نەك تەزکیەو پێوەرە حزبیەکان، بەو پێیەی کە ئەو پۆستانە بەتەنها ئیستحقاقی هەلّبژاردن نین، بەلّکو ئیستحقاقی نەتەوەیشن و هاولاّتیانی تریش مافی وەرگرتنی ئەو پلەو پۆستانەیان هەیە لە کوردستاندا.

١٠- والآ كردنی دەزگاكانی ئاسایش لەبەردەم خەڵكانی تر بە پێی ئەو یاساو ڕێنمایانەی هەیە.

١١- قەدەغە كردنی تەزكیەی حزبی لە دامەزراندن و پێشخستن و وەرگرتنی پلەو پۆستەكاندا، سزادانی ئەوكەسانەش كە بەو شێوە كاردەكەن.

١٢- دەركردنی یاسایەك لە پەرلەمان بۆ گێڕانەوەی موڵك و ماڵی زەوتكراوی حكومەت و خەڵك لەلایەن حزبەكانەوە.

١٣- ڕێگرتن لەو میدیا سێبەرەی دەسەڵات كە بەپارەی میللەت لەلایەن دەزگاو هەندێ لە بەرپرسانی هەردوو حزبەوە بۆ دژایەتی كردنی كەس و لایەنەكانی تر كەڵكیان لێوەردەگیرێت، دیارە بەشێكی زۆر لەو پاشاگەردانییەی لەبواری میدیایە هەیە هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ میدیای سێبەر، تەنانەت هەندێك جار ئەم میدیایە بەزەرەری خودی دەسەڵاتیش شكاوەتەوە.

لە كۆتایدا داوا لە بەڕێزتان دەكەم كە لەئاستی بەرپرسیاریەتی و مێژووی خۆتاندابن لەئەنجامدانی بەكردەوەی چاكسازیەكی ریشەیی لەم هەرێمەداو كۆتایی هێنان بەم بارودۆخەی كە ئەمڕۆ بەردەوامبوونی هەڕەشە لە هەموو لایەك دەكات.

لەگەڵ ڕێزمدا

قادر عزیز

سەرۆكی حزبی زەحمەتكێشانی سەربەخۆی كوردستان

٢٠١٠/٢/١٠